*نیم نیگاش هەوەس دڵ دۆزیش نی‌یەن*

*نازش دڵبەریش جە خاتر شی‌یەن*

*ئاوڵەش هوردان لاڵ یەمانی*

*وێنەی گۆی ( حوباب) ئاو حەیوانی*

*باغ مەحبووبیش جە سەرتا دامان*

*جە وەیشوومەی دەرد خەزانش ئامان*     ( د.ل : ٤٩٦ )

لەم چەند بەیتەدا مەولەوی وێنەی باڵای بەرزی وەك عەرعەری شێخ عەزیز دەگرێت لە دوورەوە ( بانە ، سنە) وەکو ئەوە وایە کەلەبەر دەمیدا وەستا بێت‌و کامیرای سینەمایی بە چاوەوە بێت ،ئەم وێنەگرتنە سینەماییەی مەولەوی لەم قەسیدەیەدا هەمان وێنە گرتنیەتی بۆ زەماوەندەکەی مەحموود پاشای جاف کە مەولەوی لە ماڵی خۆیەوە دوور بە دوور وەسپی هەڵپەڕکێیەکەی کردووە ، ( بڕوانە : سیناریۆ لە شیعرەکانی مەولەوی تاوگۆزیدا ، د. ئیبراهیم قادر محەمەد - گۆڤاری زانکۆی دهۆك ، ب٢ ، ژ- ٦ ، ١٩٩٩ ، ل ٨٤١ ) بە گرتەیەکی گشتی ( L.S) باڵایی وێنە گرتووە، پاشان هاتووەتە سەردەم‌و چاوی بەگرتەیەکی نزیك ( C.U) وێنەی گرتووە کە لۆچەکانی ئارەقەی تامی تێزاون .. ئەوسا دانەی بلۆقەی ئاوڵەکەی وەکو دڵۆپەی باران چوواندووە.. دواتر بۆ سەرچاوانی کە خوڵکی پێڵو جووڵاندنیان نەماوە لە تاو ماندوویێتی‌و ئازار و وەکو نێرگس خەوتوون .... و لە حاڵەتی زۆر نالەباریدایە .

ئەم بە وردی ڕۆچوونە لە وێنەگرتنی شێخدا لەو دوورەوە لە لایەن یادو بیرو زەینی مەولەوی‌یەوە جگە لە ڕاستگۆیی‌و پڕ خۆشەویستی بۆ شێخ عەزیز . دێرە شیعرەکەی لەمەڕ خودا حافیزییەکەی پارچە شیعری ( ئازیز دیارەن، وادەی لوامەن ، ( د.ل : ٦) ) وەبیر دەهێنێتەوە کە زۆر بەتاسەوە گووتبووی :

